کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

22-9-2007 3:16 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**سەرکردایەتی کورد وریا نەبێ شکستێکی گەورەی دیکەمان لە پێشە باسێکی کورت لەسەر شکستەکانی بزووتنەوەی کورد ... سۆران خدری**

بەرژەوەندی ئەنگلۆ-ئەمریکاو جیوپۆلۆتیکی ناوچەکەو؛ وە گوشاری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و وڵاتانی عەرەبی وا دەکات کە بۆ ئەم جارەش شۆڕشی گەلی کوردستان لە باشووری کوردستان ببێتە قوربانی. ئەمەش لەبەر کەم تەرخەمی و نە گرتنە بەری ڕێگای (ستراتیژی نەتەوەیی) پێویست لە لایان سەرکردەکانی کوردەوە لە باشووری کوردستان.



گەلی کورد لە هەموو ڕاپەرینەکانیدا بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی ڕووبەڕووی هەزاران شێوازی سەرکوتکەرانە کراوەتەوە لە لایان وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە. وە ئەو وڵاتانە بە هەر نرخێک بووبێت حازر بوون کە لە گەڵ یەکتردا ڕێک کەون بۆ چەوساندنەوە و لە ناو بردنی نەتەوەی کورد لە ناوچەکەدا. وڵاتانی داگیرکەری کەری کوردستان زۆر جاریش چاو پۆشییان کردوە لە مافەکانی خۆیان بەرانبەر بە وڵاتانی مل هێزی دونیا بۆ ئەوەی خۆ لە کێشەی کورد وەر نەدەن. نموونە (مۆرکردنی 9 مادە لە نێوان تورکیاو عێراقدا لە ساڵی 1925، ڕێککەوتنی بەریتانیاو تورکیا لە ساڵی 1917-1926 لەسەر کێشەی موسڵ بەرانبەر بەوەی کە بەریتانیا پەیمانی سیفەر پووچەڵ کاتەوە کە لە ساڵی 1920 دا مۆر کرا بوو، پەیمانی جەزاییری ساڵی 1975؛ وە ڕێککەوتنی ئێران و یەکیەتی شۆرەوی لە ساڵی 1946 لە سەر مادەی 1 بەو مەرجەی شۆرەوی پشتگیری خۆی بۆ کۆماری مهاباد کۆتایی پێ بێنێت. سەرنەکەوتنی شۆڕشی کوردی بەشێکی سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ کەم تەرخەمی و کەم هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد، وە هەر وەها نەگرتنەبەری ڕێگای (ستراتیژی نەتەوەی) پێویست لە لایان سیاسەتمەدارانی کوردەوە.

باشووری کوردستان:

دوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆری عوسمانی و پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لە لایان هاوپەیمانانەوە لە ساڵی 1920 کە بەشێکی گرنگی کوردستانیشخرایە سەری؛ گەلی کورد لەو بەشە داگیرکراوەدا لە لایان ڕژێمەکانی بەغداوە ڕووبە ڕووی هەموو جۆرە شێوازێکی سەرکووتگەرانە هاتووە، هەر لە سەرەتای دروست بوونی عێراق لە ساڵی 1920 تا ڕووخانی ڕژێمی بەعسی فاشیستی عەرەبی لە ساڵی 2003. ڕژێمە جۆر بەجۆرەکانی دەسەڵاتدارانی عەرەب (بە پاشایەتی و کۆمارییەوە) هیچ کەم تەرخەمیان لە سەر کووتکردنی گەلی کورد نە کردووە و بە هەموو هێزێکیانەوە تێکۆشاون بۆ جینۆسایدکردنی گەلی. بەڵام هەندێ جار کە زانیویانە بارودۆخی سیاسی ناوچەکە ئاڵۆزەو بەرژەوەندییەکانیان لە مەترسیدان؛ هەستاون بە گرێ بەستنی چەند پەیمانێک لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا. یا چەند مادەیەک یان نوسیووە لە دەستورەکانیاندا سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بۆ نموونە مادی (2و 3ی) دەستووری کۆماری نوێی عێراق لە ساڵی 1958. لەو مادانەدا ئاماژە بە مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا کرا بوو؛ بەڵام لە چوار چێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا. هەروەکوو فیدراڵییەکەی ئەمرۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی دیمۆکراتی فیدراڵدا.

لە درێژەی بابەتەکەماندا زۆرتر ئاماژەیان پێ دەکەم، وە دەیان خەمە بەر دەستان؛ وە لەلایێکی کەشەوە دەوری وڵاتانی مل هێز کە هەر جارێک ناکۆکییکیان بۆ دروست بوو بێت، بە ناو بردنی.... کێشەی کوردو ڕێگا یەک بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە گوشاری خۆیان لەسەر ئەو وڵاتانە زۆر کردووەو تا دووبارە بەو شێوەیە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن. وەکوو بڵێین کێشەی کورد بووە بە تفەنگێک بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شەر کردن بەرانبەر بە یەکتری بە کاری دەهێنن. هەر وەکوو چۆن نموونەیەکم لە سەرەوە باس کرد وە هەروەها لە درێژەی ئەم بابەتەشدا روونتری دەکەمەوە.

لە سیاسەتی ئەمرۆی ناوچەکەشدا چەند شتێک هەن کە سەرنجمان بۆ ئەوە را دەکێشن کە ئەگەری ئەوە هەیە خەباتی چەند ساڵەی باشووری کوردستان دووبارە ببێتە قوربانی بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی داگیر کەرو وە ئەنگلۆ-ئەمریکا. بۆیە ئەگەر بێتو سەرکردانی کورد درێژە بەو ستراتیژییەی خۆیان بدەن ئەوا کورد بۆ جارێکی کەش ماڵ وێران و سەرگەردان دەبێتەوە.

یەکەم: کێشەی ئۆتۆمی ئێران و ستراتیژەیە سیاسی و ئابووری یەکانی ئسرائیل ئەمریکا لەو ناوچەدا ئاشکرایە کە دۆزی ئۆتۆمی ئێران بۆ ماوەیەکی دوورو درێزە رەوانەی ئاژانسی نێو دەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی کراوە؛ وە هەتاکو ئیستا هیچ کام لەو لایەنانە بە نەتیجەیەکی ئەو تۆ نەگەیشتوون. ئەگەر بێت و ئیران دەستی بە ئۆتۆم بگات ئەوا ستراتیژیە درێژ خایەنەکانی ئسرائیل و هاوپەیمانانی دەکەوێتە بەر مەترسیی یەکی گەورەوە؛ بۆیە ئیسرائیل حازرە بە گرتنە بەری هەموو رێگایەک بۆ چارە سەر کردنی ئەو مشکلەیە؛ ئەگەر بە رێگەی دیپلوماسی بیت یا نیزامی یا وەکوو گوشار خستنە سەر ئەمریکاو ولاتانی رۆژ ئاوا.
کارناسە ئسرائیلی یەکان لە بنکەی لێکۆلینەوەی ستراتیژیەکانی ئیسرائیل رایان لە راپۆرتێکدا گەیاندووە کە هێرشی نیزامی بۆ سەر ئیران سوود بەخشیەکی ئەوتۆی نابێت. هەر وەکوو چۆن لە رەپۆرتەکەیاندا هاتبوو، ئیسرائیل و ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا تاوەکوو ئێستا نازانن بنکە سەرەکییەکانی ئۆتۆمی ئیران لە کوێ دا حەشار دراون. دیارە هۆیەکی ئەو کەمبوونی زانیارییە یان بەربلاوی خاکی ئیران زانیوە. وە هەروەها ساز کردنی هەندێ لەو بنکانە لە قووڵایی و ژێر خاکدا. دووەم تا وەکوو ئیستا دەزگا هەواڵگرەکانی رۆژ ئاوا و ئەمریکا وە تەنانەی ئیسرائیلیش نازانن ئەگەر هاتوو هێرشی نیزامییان کردە سەر ئیران هێز و توانایی نیزامیی ئیران لە چ ئاستێکدایە. بۆیە کارناسە ئیسراییلییەکان بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە بە شێوەیەکی دیپلۆماسی چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە.

دووەم: یارمەتی دانی چەکدارە شیعەکان لە لایان ئیرانەوە؛ چالاکی یە نیزامی یەکانی ئەم دوایەی پژاک لە رۆژهەڵاتی کوردستان.
یارمەتی دانی چەکدارە شیعەکان لە لایان ئیرانەوە بۆ ئالۆز کردنی بارودۆخی ناو خۆی عێراق کە گوشارێک بێت لە سەر ئەمریکا تا ئەو وڵاتە مەجبور کات بە دانیشتن و سازان لەگەڵ ئیراندا لە سەر بەرژەوەندییەکانی هەردوو لا. هەروەکوو چۆن لەم ماوەی پێشودا بە ئامادە بوونی دەزگای میتی تورکەکان کۆبوونەوەی هاوبەشیان لە ئێراق پێکهێنا. دیارە ئەم کۆبونەوانە کە ئەمرۆ ئیران ئەمریکا و تورکیا دەیان بەستن بێگۆمان دوور لە باسی کێشەی کورد نییە.
هەروەها دەست پێکردنی ئەم ئاخیرەی چالاکی یە نیزامییەکانی پارتی ژیانەوەی کوردستان (پژاک) لە رۆژ هەڵاتی کوردستان دژ بە سوپای داگیرکەری پاسدارانی ئیران کە هەندێ لە سیاسەتمەدارنی جیهان بەوە لێکی دەدەنەوە کە ئەمریکا یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی گوشار خاتە سەر ئیران کە وا دەست لە یارمەتی دانی شیعە چەکدارەکان هەڵبگرێت. وە ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەمریکا داوا کارییەکانی ئیران لەسەر چەند خاڵێکی دیاری کراو بهێلێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

22-9-2007 3:16 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سێ یەم: کێشەی ئیسرائل و عەرەب لە ناوچەکەدا.
بێ گومان ولاتانی عەرەبی سونیی مەزهەب بە هیچ شێوەیەک رازنین لە سەر فیدرالییەت و حکومەتی شیعە لە عێراقدا. هەموو وڵاتانی عەرەب لە لایان سونی مەزهەبەکانەوە حکومەت دەکرێن؛ وە عێراقیش تا رووخانی سەدام لە لایان سونی‌یەوە حکوم دەکرا. ئیستا وڵاتە عەرەبە سونیی مەزهەبەکان بە هەموو شێوەیەک تێدەکۆشن کە بە هەر شێوەیەک بێت حکومەت بکەویتەوە ژێر دەسەلاتی سونی مەزهەبانی عێراق. بۆیە لێرەدا چەند بەرژەوەندییەکی عەرەبی ئەمریکی دێتە ئاراوە. لەوانەیە چەند ئیمتیازێک بدەن بە یەکتر. گەرانەوەی دەسەلات بۆ سوننەکان لە عێراقدا بەرانبەر بەوەی کە وڵاتانی عەرەب لە گەل ئیسرائیلدا پەیمانی ئاشتی مۆر بکەن. ئەگەر ئەمریکاو عەرەب لەسەر ئەمە رێک کەون ئەوا بە گرتنەوە دەستی حکوم لە لایان سوننەکانەوە هەموو ئەو دەسکەوتانەی باشووری کوردستان بۆ جارێکی کە و سەر لە نوێ پوچەڵ دەبنەوە. بۆیە دەبێت سەرکردایەتی کورد هەموو چەشنە رێگەیەک بگرنە بەر چاو کە ئەمریکا نەتوانێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی لەسەر ئەو خاڵانە لەگەڵ دووژمنانی گەلەکاماندا رێک کەوێت.

گرێدانێکی کێشەی کەرکوک (رفراندۆم- مادەی140) بە کێشەی موسڵ (1917-1926) لە نێوان تورکیاو بەریتانیادا پەیمانی جەزاییری 1975؛وو پشتگیری یەکیەتی شۆرەوی لە کۆماری مهاباد 1946.
بەکاربردنی ووشەی فیدرالیەت و مادەی 140 بەو شێوەی ئیستا لە لایان ئەنگلۆ-ئەمریکیەکانەوە وە هەروەها راپۆرتەکەی (بەیکێر- هامیلتۆن) ؛ (کرۆکر) گۆمانێک دروست دەکات بۆمان کە کێشەی ئیستای کەرکوک لەگەڵ ئەو کێشانەی سەرەوە پێکەوە گرێ بدەین. ئەمە ئەوە رادەگەیینێت کە ئەمریکییەکان ئەم شتانە تەنها وەکوو چەکێک بەکاری دەهێنن دژ بە ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە خەتەریان هەیە لەسەر بەرژەوەندی یەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی؛ وە هەموو جارێک بە باس کردنی لەسەر کێشەی کەرکووک و مادەی 140 ناحەزانی ئاگادار دەکاتەوە کە ئەگەر بەرژەوەندی یەکانی ئەمریکا نەپارێزن ئەوا ئەمریکا بە جیاکردنەوەی کوردەکان بەرژەوەندی ئیوە دەخاتە مەترسییەوە وە نموونەش بۆ ئەمە زۆرن کە من لێرەدا باس لە چەند دانەیەکیان دەکەم.

کێشەی موسڵ لە نێوان بەریتانیاو تورکیادا (1917-1926) :
دوا بە دوای تەواو بوونی شەری جیهانی یەکەم وە دەستەڵات گرتنی کەمالیستەکان لە تورکیادا؛ دروست کردنی کۆماری تورکیای نوێ لەو ناوچەدا لە لایان کەمالیستەکانەوە؛ ناکۆکی کەوتە نێوان تورکیاو بەریتانیا سەبارەت بە موسڵ. تورکیا دەیویست بە هەر چەشنێک بێت موسڵ بکات بە هەرێمێک لە کۆماری تورکیای نوێ. بەڵام بەریتانیا لەسەر ئەو داواکارییەی تورکیا رازی نەبوو؛ لەبەر بەرژەوەندییە سیاسی ئابوورییەکانی خۆی لە هەرێمی موسڵ، و بە تەواوەتی کۆنترۆڵ کردنی چاڵە نەوتەکانی ئەو ناوچەیە. بەریتانیا کە زانی تورکیا دەست بەردار نیە لە سەر داواکاری موسڵ؛ هەستا بە دەر کردنی بیرۆکەیەک بۆ دروست کردنی وڵاتێکی کوردی سەربەخۆ لە ناوچەکەدا. ئەم بیرۆکەیەش لەبەر چەند هۆیەکی ستراتیژی بەریتانیا بوو، کە بەو شێوەیە بتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت.
-1پشتگیری کردنی کورد لەو کاتەدا هۆیەک بوو بۆ گوشار خستنە سەر تورکیا کە واز لە ویلایەتی موسڵ بهێنێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2-گوشار خستنە سەر نەتەوەی عەرەب و ڕێکخراوە سەربەخۆییەکانی عێراق کە داوای سەربەخۆیی عێراق و چوونە دەرەوەی بەریتانیا لەو کاتەدا نەکەن.

3-پێشنیاری دروستکردنی وڵاتی کوردی لەو کاتەدا بۆ دەسەڵات گرتن بەسەر ئەو ناوچە ستراتیژییە بوو (کوردستانی مەرکەزی) کە بە هێڵی سنووری قەفقازەوە نووسرابوو؛ ئەوەش بۆ بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ یەکیەتی شۆرەویدا، کە بە دووژمنێکی سەرەکی بەریتانیا لە قەڵەم دەدرا دووای سەرکەوتنی شۆرشی 17 ئۆکتۆبەری 1917.

بەریتانیا بۆ ئەوە پێشان بات بە تورکیاو عەرەبەکان کە ئەو سوورە لەسەر دروست کردنی وڵاتی سەربەخۆیی کورد هەستا بە بەستنی پەیمانی سیفەر لە 10 ئاگۆستی 1920 وە لە مادەی 63 دا ئامازەی بە سەربەخۆیی کوردستان کرد. تورکەکان کە بۆیان ئاشکرا بوو پێشنیاری گرتنی رفراندۆمیان کرد لە موسڵ وە هەروەها ناردنی کێشەی موسڵ بۆ وڵاتە هاوپەیمانەکان؛ بەو مەرجەی کە بەریتانیا پەیمانە مۆرکراوەکەی سیفەر پووچەڵ کاتەوە. بەریتانیا لەسەر ئەم پێشنیارە هەستا بە گرتنی پەیمانێکی کە ئەویش پەیمانی لۆزان بوو کە لە ساڵی 1923 مۆرکرا. وە لەو پەیمانەدا بە هیچ شێوەیەک باس لە کێشەی کورد نەکرا. تورکەکان کە دڵنیا بوونەوە کە پەیمانی سیفەر هەڵوەشاوەتەوە، و لەبەر ئەوە کە لە رفراندۆمەکەی موسڵ بیباتەوە؛ هەستان دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی پرپاگەندە دژ بە بەریتانیا لە موسڵ وە سەرنجی کوردەکان بۆ خۆیان راکێشان. ئەوە بوو لە فورئە 1925 وەفدێکی سێ قۆڵی ڕەوانەی موسڵ کرا بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی هەرێمەکە. وەفدەکە رایگەیاند کە پێنج لە هەشتی ناوچەکە کوردن وە بۆیان هەیە کە وڵاتێکی سەربەخۆیان بۆ دیارە بکرێت. بەڵام ئەوەشیان را گەیاند بە بەریتانیا کە کوردەکان بوونیان بە بەشێک لە تورکیا پێ باشترە تا ئەوەی ببن بە بەشێک لە وڵاتی عەرەبی. هەر لەو کاتەشدا شۆرشی شێخ سەعید هەڵگیرسا؛ ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی درندانە لە لایان کەمالیستەکانەوە سەرکوت کرا. وە سەر هەڵدانی ئەو شۆرشە لەو کاتەدا گومانێکی لای کەمالیستەکان دروست کە دەستی بەریتانیایی تێدا هەبوە. بەم شێوەیە بەریتانیا تورکیایی مەجبور کرد کە مەرجەکانی بەریتانیا قەبووڵ کات. ئەوە بوو کە بەریتانیاو تورکیا و عێراق لە 8 ژۆئن 1926 پەیمانێکی سێ قۆڵیان مۆر کرد، مەرجەکانی بەریتانیا بۆ عێراق ئەوە بوو کە موسڵ دەبێت بە بەشێک لە هەرێمی کۆماری عێراقی نوێ بەو مەرجەی کە بەریتانیا بۆ 25 ساڵی داهاتوو مافی مانەوەی لە عێراق پارێزراو بێت. بەڵام تورکیا دوو مەرجی دانا بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی واز لە موسڵ بهێنێت. یەکەم بەریتانیا نابێت بە هیچ شێوەیەک پشتگیری شۆرشە کوردیەکان بکات و هانیان بدات بۆ دروست کردنی وڵاتێکی سەربەخۆ. دووەم 10% لە دەرامەتی چاڵە نەوتەکانی موسڵ و ناوچەکانی دەبێت بۆ تورکیا بێت. بەریتانیاش زۆر بە پێ خۆشحاڵییەوە ئەو مەرجانەی تورکیای پەسەند کرد. دوای ڕێکەوتنە سێ قۆڵییەکە ئەوە بوو هێڵی سنووری برۆکسلیان پەسەند کرد کە سنووری نێوان تورکیاو عێراق جدا دەکاتەوە.

پەیمانی ئەلجەزایر 1975:

دوا بە دوای کوودیتای رژێمی بەعسی فاشیست لە تەمووزی 1968؛ وە راگەیاندنی بۆ دروست کردنی وڵاتێکی بەهێز لە ناوچەکەدا لە سەرەتای گەیشتنی بە دەسەڵات؛ و دەر کەوتنی ئاڵۆزییەکانی نێوان سەدام و رزێمی تاران. ئێران و هاوپەیمانەکانی ئەو کاتەی هەستیان بە مەترسییەکی زۆر کرد لە لایان رزێمی بەعسەوە. بۆیە ئێران داوای گۆرانکاری کرد لە پەیمانە مۆرکراوەکەی ساڵی 1937 لە نێوان رژێمی بەغداو رژێمی تاران؛ بەڵام رژێمی بەعس پێشنیارەکەی ئێرانی رەد کردەوە. ئێران و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هاوپەیمانەکانی نگرانییەکی زۆریان لا دروست بوو وە هەستان بە بەکار بردنی شۆڕشی کوردی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکەی لە ناو چەکەدا؛ بە تایبەت لە کەنداوی (فارس- عەرەب) . بۆیە دەستی کرد بە یارمەتی نیزامی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی لەگەڵ رژێمی بەغدادا ڕووبەڕووی شەر بێتەوە، وە بەو شێوەیە سەرگەرمی شەری ناو خۆی کەن کە نەتوانێت بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە ناو چەکەدا بخاتە مەترسییەوە.
ئەڵبەت شۆڕشی کورد پێشتر دەستی پێکردبوو (1961) . بەڵام لە سەرەتادا پێوەندیەکی بە ئێرانەوە نەبوو. بەڵام پاشتر ئێران و ئامریکا خۆیان لێ نزیک کردەوە تا بە یارمەتیدانی بارزانی، عێراق بخەنە ژێر گوشارێکی زۆرەوە کە تەسلیمی ویستەکانی ئێران و ئەمریکا بێت. بەڵام ئەو شەرە عێراقی بەوە ناچار نەکرد کە پاشگزبکات لە پەیمانەکەی 1937. ئێران کە بۆی دەرکەوت کە عێراق هەر سوورە لە سەر پەیمانە کە، خۆی یەک لایەنە لە ساڵی 1969 پەیمانەکەی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. وە هەر لەو ساڵەشدا ئێران و ئەمریکا دوو خالیان پێشکەش بە رژێمی بەغدا کرد. یەکەم: عێراق دەبێت مافەکانی کورد لە کوردستانی باشوور بە رەسمی بناسێت. دووەم: یا ئەوە کە عێراق دەبێت تەسلیمی ئێران و ئەمریکا بێت. خاڵی یەکەم بۆ ئەوە نەبوو کە ئێران و یەمریکا پێخۆشحالن بە وەرگرتنی مافی کورد لە کوردستانی باشوور، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە لەو رێگەیەوە خاڵی دووەم بە سەر عێراقدا بسەپێنن. بەڵام رژێمی عێراق خاڵی یەکەمی قەبووڵ کرد و لە گەڵ بارانی کەوتە وتووێژ و سەرنجام لەسەر بەیانی 11 ئازاری 1970 رێککەوتن. ئێران و ئەمریکا بەم وەزعە پێ خۆشحاڵ نەبوون. بۆیە هەر بە بەر دەوامی یارمەتی پارتی دێمۆکراتی کوردستانیان کردو؛ وە سەرکردەکانی کوردیان هان دەدا کە ئەو خاڵانەی 11 ئازار قەبووڵ نەکەن. چوونکە هەموو مافە رەواکانی کوردی تێدا نیە. حکومەتی ئێران بە شێوەیەک نفوزی کردبووە ناو شۆرسی کوردستانی عێراقەوە، کە حکومەتی بەغدا بەو باوەرە گەیشت کە ئەگەر بێت و خاڵی دووەم قەبووڵ نەکات ئێمکانی لەدەسدانی کوردستان کەم نابێت. چوونکە لە 1974، بارزانی حکوومەت رێکنەکەوتن و شەڕ دەستی پێکردەوە. ئەمجار شەڕەکە بە هێز و پشتیوانیی ئێران بووە شەڕی جبهەیی و شۆڕشی کورد سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا. بۆیە دوای پێنج ساڵ تێپەر بوون بەسەر بەیانی 11 ئازار حکومەتی بەغدا خاڵی دووەمی قەبووڵ کرد. لە ساڵی 1975 پەیمانی جەزایير مۆرکرا بەو مەرجەی ئەگەر عێراق دەست تێوەر نەدات لە بەرژەوەندیە ستراتیژییەکانی ئێران لە کەنداوی (فارس- عەرەب) ئەوا بەرانبەر بە ئەوە حکومەتی ئێران و ئەمریکا یارمەتییەکانی خۆیان بۆ کوردەکان رادەگرن و ئاش بەتاڵیان پێ دەکەن. پاش ئەو رێکەوتنە، ئەوە بوو شۆڕشی کوردی بۆ جارێکی دیکە بووە قووربانی بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەو وڵاتە زل هێزەکان.

کۆماری مهابادو یەکیەتی شۆرەوی 1946 :
لە ژانوویەی ساڵی 1942 یەکیەتی شۆرەوی و هاوپەیمانان پەیمانێکیان مۆر کردبوو کە دوای کۆتایی هاتنی شەر دەبێت هێزی ئەو وڵاتانە لە ئێران بچنە دەرەوە. سەرەرای ئەوەش شۆرەوی داوای کردبو لە رژێمی تاران کە شرکەتە نەوتەکانی لە چاڵە نەوتەکانی باکووری ئێران سەرماییە گوزاری کەن. ئێرانیش لەبەر گوشاری هاوپەیمانان ئەو داوا کاریەی دوا بخات بۆ دوای شەری جیهانی دووەم. شۆرەوی هەستی بەوە کردبوو کە ئێران گوشاری لەسەرە کە دوای کۆتایی هاتنی شەر بە تەواوی ئەو داواکاریەی رەد کاتەوە. بۆیە شۆرەوی راپەرینی کورد و ئازەریەکانی بە هەلێکی باشی دانا کە بیکات بە فشارێک بۆ سەر ئێران کە داوا کاریەکەی جێ بە جێ کات. لەم پێناوەدا شۆرەوی دەستی کرد بە یارمەتی نیزامی کۆماری مهاباد. وە جنراڵ ئاتاکشیوف بەڵێنی دا کە یارمەتیەکانیان بۆ کۆماری مهاباد زۆرتر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەن، بۆیە لە پێش هەموو شت 60 قووتابی کوردیان لە کۆلێژی سەربازی باکۆ وەرگرت بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی کورد بۆیان و ڕاهێنانیان لە بواری نیزامی و سەربازیەوە. لە ساڵی 1945 ئێزگەو دەزگایەکی چاپی کوردی ڕەوانەی کوردستان کرا، لە گەڵ هەشت ماشێنی پڕ لە چەک و تەقەمەنی؛ دوو هەفتە دوای ئەوەش پێنج ماشینی کەی پڕ لە تەقەمەنی ناردەوە بۆ کۆماری مهاباد. بەڵام چەکە قورسەکانی وەکوو تۆپ و تەیارە دوا خران. ئەم یارمەتیانەی سۆڤییەت لەبەر ئەوە نەبوو کە یارمەتی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بدات؛ بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە دوای تەواو بوونی شەری جیهانی دووەم، یارمەتیەکانی بۆ کۆماری مهاباد ببنە هۆی ئەوە کە ئیران و هاوپەیمانان داوا کاریەکانی شۆرەوی سەبارەت بە سەرمایەگوزاری شرکەتەکانی لە نەوتی باکووری ئیران قەبووڵ کەن. دوای کۆتای هاتنی شەری جیهانی دووەم و سەرکەوتنی شۆرەوی و هاوپەیمانان بە پێ پەیمانی 1942 دەبوایە هێزەکان برۆیشتناتە دەرەوە. بۆیە ئەمریکیەکان لە 31 دیسامبر 1945 ئیرانیان بەجێ هێشت وە لە 1 مارسی 1946 بەریتانیەکانیش ئیرانیان بە جێ هێشت. بەڵام هێزەکانی شۆرەوی هەر لە ئیران مانەوە کشانەوەی هێزەکانی دوا خست. ئیران و هاوپەیمانان دەیانزانی کە مەبەستی یارمەتی دانی شۆرەوی لە کۆماری مهاباد قەبووڵ کردنی داوا کاریەکەیەتی لە لایان ئیرانەوە. بۆیە لە مارسی 1946 سەرۆک وەزیرانی ئیران رۆیشت بۆ مۆسکۆ بۆ تاوتێ کردنی بارودۆخەکە. بە پێ مادەی 1 ی ئەو پەیمانە ئیران و شۆرەوی لە سەر ئەوە رێک کەوتن کە ئەگەر شۆرەوی یارمەتی یەکانی بۆ کۆماری مهاباد بوەستێنێ و هێزەکانی خۆی لە ئیران بکێشێتەوە ئەوا بە پێی مادەی یەکی ئەو رێکەوت نامەیە شرکەتەکانی شۆرەوی لە دەرهێنان و سەرمایە گوزاری لە چاڵە نەوتەکانی باکووری ئیران سوودمەند دەبن. لە گەڵ مۆرکردنی ئەو رێکەت نامەیە لە 1946/3/26 جرۆمیکو رایگەیاند کە هێزەکانی شۆرەوی لە 5-6 هەفتەی داهاتوودا خاکی ئیران بەجێ دەهێڵن. وە ئەمجارەش کێشەی کورد بووە قوربانی بەرژەوەندی شۆرەوی و ئیران و هاوپەیمانان.

سەرئەنجام:

جا بۆیە ئەم نموونانەم هێنایەوە لە سەرەوە کە بۆمان دەرکەوێت بۆچی کێشەی کورد هەموو جار لە کۆتایی قۆناغی سەرکەوتنیدا دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتانەی کە ئاماژەمان پێکردن. وە ئایا دەبێت لەم شکستانەی سەرەوە سەرکردایەتی کورد چ دەرسێک فێر بوو بێت؛ وە لە چ روانگەیەکەوە دەبێت هەڵسوو کەوت کات لە گەڵ بارودۆخی سیاسەتی ئەمرۆی ناوچەکە؛ وە راپۆرتەکەی کرۆکر چۆن هەڵ دەسەنگێنن. ئایا راپۆرتەکەی کرۆکر ئەوە را نا گەینت کە ئەگەر بێت و دەسەڵات دارانی ناوچەکەو عێراق (عەرەبی سونەو شیعە) لەسەر داواکاریەکانی ئەمریکا رێک کەون ئەوا کێشەی کورد دوا دەخرێت و دەسەڵات دەدرێتەوە دەستەڵاتدارانی پێشوو؟

پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان ستراتیژی خۆی بگۆرێت ؛ و هەموو رێگەیەک بگرێتە بەر بۆ رێگرتن لەسەر رێکەوتنی بەرژەوەندی لە نێوان ئەمریکاو دووژمنانی کورد. ئەگەر تەنانەت دەستیشیان بەر تفەنگ دابێت وەکوو عەرەبە شیعە و سونەکان کە هێزێکی چەکداریان دروست کردووە لە پشت هێزە سیاسی یەکەی خۆیانەوە لە حکومەتی عێراق بۆ پەرچ دانەوەی هێرشی ئەمریکا لە ئەگەری پێشێل کردنی بەرژەوەندیەکانیان لە ناو خۆی عێراقدا

ئەگەر کێشەی کەرکوک (مادەی 140) و فدراڵییەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ساڵانی رابووردو هەڵ بسەنگێنین دەبینین کە هیچ جیاوازییەکی ئەو تۆ تێدا نابینرێت، و هەتاکو ئێستا سەرکردەکانمان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەیانتوانیوە بەرژەوەندییەک دروست کەن لە نێوان کوردو ئەمریکادا کە ئەو بەرژەوەندیە ببێتە هۆی ئەوە کە ئەمریکا نەتوانێت بەرژەوەندییەکەنی لە ناوچەکەدا بپارێزێت بە بێ پاڵ پشتی کورد.
هەروەها سیاسەتمەدارانی کورد بۆ جێ بە جێ کردنی مادەی 140 لە کاتی دیاری کراوی خۆی دا دەبێت هەڵوێستێکی جیدی پێشان بدەن و جەخت لە سەر جێ بە جێ کردنی لە کاتی خۆیدا بکەنەوە. ؛ و بە ئەمریکا ڕاگەیەنن ئەگەر ئەو مادەیە جێ بە جێ نەکرێت، ئەوا بە بێ گومان هەڵوێست و ستراتیژی خۆیان لە گەڵ ئەمریکا دەگۆڕن. چونکە دوا خستنی ئەم مادەیە ئەوە را دەگەیێنێت کە ئەمریکا لە ووتو وێژدایە لە گەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە کێشەی کوردەوە. وە ئەگەر بێت ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت پێش ئەوەی ئەمریکاو ئەو لایەنانە ڕێک کەون، ئەوا سەرکردایەتی کورد وەزنی سیاسی و ڕۆڵی خۆی لە ناو چەکەدا لە دەست دەدات. ودیسان ئەگەری دووپات بوونەوەی شکستی کورد دەبین لە مەیدانی سیاسەسەتدا.

سەرچاوەکان:

1-ئیسرئل و پرۆژەی ئۆتۆمی ئیران، لاپەری 83-91 ؛جیل فایلار

2-عێراق و کێشەی کورد، دکتۆر سەعد ناجی جەواد

3-کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست، دکتۆر حامد مەحموود عیسا

4-مێژووی کوردستان، م. س. لازاریف

5-کۆمەڵ ناسی کورد، مارتین وان برۆیین سن

the Kurds in Iraq; Kerim Yildiz -6

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.